# بنەما یاساییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەکوردستانی عێراقدا



د.مونزر ئەلفەزڵ

**ئەم هەرێمە سنووری جوگرافی و مێژوویی و یاسایی خۆی هەیەو ئەمەش لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە بەپێی مادده 53 جەختی لەسەر کراوەتەوە، کەرکووکیش لەسنووری ئەو هەرێمەیە**

هەموو گەلێک مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئاماژە بە مادده 1/7 لەپاکتی نێودەوڵەتی مافە کلتووری و سیاسییەکانی پاشکۆی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ 1948، بنەمای یاسایی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیش لەسەر دووخاڵ دەوەستێت:

**یەکەم: پایەکانی دەوڵەتی کوردی**

**١- گەل:** گەلی کورد هەزاران ساڵە لەنیشتمانی خۆی بەناوی کوردستان ژیان بەسەردەبات و ناوی لەسەردەمی کۆن (تەورات) بەناوی میدییەکان هاتووە، میدییەکان کوردن و بەسەر دەوڵەتەکانی (تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا، لوبنان، ئوردن...) دابەشکراون، ئەو میللەتە مەزنە دوور لەویست و ئارەزووی خۆیان لەرێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ بەش بەش و پەرتەوازەکراون، تا ئەمڕۆ گەلێکی بێ دەوڵەت و قەوارەی سیاسی سەربەخۆو دان پیانراون، لەکاتێکدا رێککەوتننامەی سیڤەر1920 مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیی دایە گەلی کورد، لەگەڵ ئەوەی رێککەوتننامەی لۆزانی 1923 ئەو مافەی لێسەندەوە، کورد دووچاری ناشرینترین تاوانی نێودەوڵەتی هاتوون لەسەر دەستی رژێم و دەسەڵاتە جیاجیاکان، نموونەش زۆرو زەبەندە هەر لەوێرانکردن و بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی و بەزیندوویی ناشتنی هەزارەها مرۆڤ لەگۆڕی بەکۆمەڵ و وێرانکردنی دێهاتەکان و چاندنی ملیۆنەها مین و پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بەمەرامی لەناوبردنی رەگەزی مرۆیی.



ئەمەش تاوانێکی ترسناکی نێودەوڵەتی بەئەنقەستەو هەموو رێککەوتننامە نێودەوڵەتی و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی ئیدانەی دەکەن و بە رەوای نازانن، کورد گەورەترین کۆڕەوی جەماوەری لەساڵی 1991 ئەنجامداو ئەمەش وایکرد ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە 688ی لە 1991/4/5 بەمەستی پاراستنی کوردو رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دەربکات. گەلی کورد لەعێراق بەشێوەیەکی رەوا بەرگری لەمافەکانی خۆی کردووە جا چ بەشێوەی ئاشتی بێت چ بەشەڕ، گرنگ ئەوەیە بەرگری لەمافی ژیانی خۆی کردووەو پشتی بەستووە بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بە بڕیاری ژمارە 2955 لە 1972/11/12 و، هەروەها بڕیاری رۆژی 1976/11/17 رەوایەتی دەداتە مافی گەلانی داگیرکراوو ژێردەستە خەباتی چەکداری بکەن، بۆ پیادەکردنی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس، گەلی کورد لەکوردستانی عێراق خەسڵەت و پێداویستییە خوازراوەکانی تێدایە کە بریتین لە (زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی و هەستکردن بەمێژووی هاوبەش و شوناسی جیاو ژیانی لەچوارچێوەی هەرێمێک کە خودانی تایبەتمەندی و سنووری جوگرافی و مێژوویی و یاساییە)، ئەم گەلە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دوور لەویست و ئارەزووی خۆی بەعێراق لکێندراوە بەبێ ئەوەی پرسی پێ بکرێت.

**٢- هەرێم:** کورد خودانی هەرێمێکە بەناوی کوردستان و ئەم هەرێمە وێڕای دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی هەر شوێنی ژیانی کوردەو هەزارەها ساڵە ئەم گەلەی لەسەر دەژی، ئەم هەرێمە سنووری جوگرافی و مێژوویی و یاسایی خۆی هەیەو ئەمەش لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە بەپێی مادده 53 جەختی لەسەر کراوەتەوە، کەرکووکیش لەسنووری ئەو هەرێمەیە.

**٣- سیستمی سیاسی:** کورد لەعێراق خاوەنی حکومەتێکی شەرعی هەڵبژێردراون (مادە 53ی یاسای بەڕێوەبردن) ئەمەش مانای وایە کە نیزامێکی سیاسی هەیە ئیدارەی هەرێمەکە دەکات بەپێی یاساو لەهەرێمی کوردستان پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو و دامەزراوەی دەستووری هەیە و گەلی کورد لەساڵی 1992ەوە تائەمڕۆ سەربەخۆیانە کاروبارەکانی خۆی رادەپەڕێنێ، لەساڵی 1992ەوە پەرلەمانی کوردستان ئەم دامەزراوانەی دامەزراندووەو رێگەچارەی فیدراڵی هەڵبژاردووە لەچوارچێوەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە، وێڕای ئەوەی چەندین دەوڵەت هەیە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەکەن و سەردان و داوەتنامە لەنێوانیان هەیە و سەرکردە سیاسییەکانیان بە فەرمی پێشوازی دەکرێن، ئەمانەش دیارە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت رایگەیاندوون.

**دووەم: بنەمای یاسایی هەڵقوڵاو لەپرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەلایەن گەلان**

ئەو پرەنسیپە یاساییە دەشێت و دەگونجێت ببێتە بنەمایەک بۆ چارەسەری یاسایی کێشەی گەلە ژێردەستەو مافخوراوەکان ئەمەش بەپشت بەستن بەو دیکیۆمێنتانەی خوارەوە:

١- چارتەری نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەماددەی 1لەبڕگە دوویدا هاتووە کە رێکخراوەکە کار لەسەر بوژاندنەوەی پەیوەندی نێوان نەتەوەکان دەکات.... بەچەشنێک هەر یەکەیان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێت.

٢- ماددەی یەکەم/1ی عەهدی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی 1966تیایدا هاتووە، هەموو گەلێک مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیەو بەپێی ئەو مافەش کورد مافی خۆیەتی ئازادانە مەرکەزی سیاسی خۆی دیارکات و گەشە بەبوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان بدات.

٤- ئەو مافە جەختی لەسەرکراوە لەجاڕنامەی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی لەساڵی 1970 کە بەپێی بڕیاری ژمارە 2625ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخولی 25و لەتشرینی یەکەمی 1970و، هەروەها مادده 8 لەوەسیقەی هلسنکی ساڵی 1975و جاڕنامەی جەزائیر 1976و هیتر.

٥- بۆ بەدیهێنانی ئەمەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دەکرێت نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵبستێت بەسەرپەرشتیکردنی پرۆسەی راپرسی (ریفراندۆم-Referendum) لەنێو گەلی کورد لەکوردستانی عێراق، بۆ زانینی بڕیاری لەسەر چارەنووسی، کە ئایا لەچوارچێوەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە لە دەوڵەتی عێراقی دەمێننەوە کە بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە 1546، یان دەوڵەت و کیانی یاسای سەربەخۆیی خۆیان دادەمەزرێنن و بەپێی مافی بڕیاردانی چارەنووس و ئەو بنەما یاساییانەی باسمانکرد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دادەمەزرێنن، یاسای نیشتمانی لەعێراق و یاسای نێودەوڵەتی رێگە بەکورد دەدەن دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ.

**وەرگێڕانی/ هێمن میرانی**

**ئەم بابەتە تایبەت بە خەبات نووسراوە**

# سەرۆک بارزانی لەئەنقەرە



**کەریم قادر**

وێستگەیەکی دیکەی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ دەرەوەی هەرێم کۆماری تورکیای دراوسێ بوو، کە رۆژی یەکشەممەی رابردوو لە لایەن رەجەب تەیب ئەردۆگانی، سەرەک وەزیران و عەبدوڵڵا گوڵی، وەزیری دەرەوەی تورکیا پێشوازی لێکراو رۆژی دووشەممەش کۆبوونەوە رەسمییەکانیان دەست پێکرد، کە تایبەت بوون بە پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەردوو لا لەگەڵ بارودۆخی عێراق بەگشتی. لەو ئان و ساتەدا دیدار و گفتوگۆکردن لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لەبەر چەند مەسەلەیەک گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، نەخاسمە بەهۆی هەڵوێستەکانی تورکیا بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق و پەرەسەندنەکانی گۆڕەپانەکەو بەگومان تەماشاکردنی تورکیا بۆ هەوڵەکانی کوردو دیموکراتخوازانی عێراق بۆ سەر لەنوێ دروستکردنەوەی عێراق، لەسەر ئەو بنەمایەی کە عێراق لەدوو هەرێمی جوداو فرەنەتەوەو مەزهەب و ئایینەوە پێکهاتووە جۆرە ساردییەک هەبوو. رەنگە بەشێکی ئەولێک تێنەگەیشتنە یاخود بەدحاڵی بوونی تورکیا لەهەوڵەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە بەشێکی خاکی کوردستان، دوای شەڕی یەکەمی جیهان لەسەرینی دابەشکردنی خاکی کوردستان بەر تورکیا کەوت و مەترسی ئەوەی هەیە، هەر پێشڤەچوونێکی رەوشی کورد لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری بەسەر ئەو پارچەیەش هەبێ کە بەر تورکیا کەوتووە یاخود بە تورکیا لکێندراوە. بەڵام ئەوەیان لەرێگەی گوتاری رەسمی سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕاوەتەوە، بەوەی عێراق لەسەر بنەمای هەقیقەتی پێکهاتەکەی و یەکێتی ئارەزوومەندانەی نێوان هەردوو هەرێمەکە بنیاد دەنرێتەوە. وەک ئەوەی چاودێران بۆی دەچن، تورکیا لەدواجار ئەو راستیەی هەزم کرد، چونکە تەنها ئەو رێگەیە دەتوانێ سەقامگیرییەکی تۆکمە بۆ عێراق بەرقەراربکات، کە راستەوخۆ کاریگەری بەسەر تەواوی ناوچەکەشەوە هەبێت. مەسەلەی دووەم کە تورکیا پێی قەڵسە، مەسەلەی بارودۆخی ئێستای شاری کەرکووکە، ئەوەشیان بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بڕاوەتەوە، بەوەی کەرکووک شارێکی کوردستانی و نموونەی پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان نەتەوەکانی عێراقە. مەنتقیش هەر وایە، چونکە لە کەس شاراوە نییە کەرکووک بە حوکمی ئەو بارەی شارەکە هەیەتی، چ لەرووی پێکهاتەی دانیشتوانییەوە چ لەرووی بەپیتی خاکەکەیەوە، هەمیشە بۆتە جێگەی چاو تێبڕینی رژێم و حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی، کە بە زۆردارەکی حوکمڕانی عێراقیان بەدەست بوو، لەئەنجامدا سیاسەتێکی شۆڤێنیانەیان دەرهەق بە دانیشتوانی ئەو شارە بەگشتی و کورد بەتایبەتی پراکتیزەکردووەو بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری کوردو دواتریش تورکمانیان لەوشارە دەرکردووەو بەناهەق خەڵکی دیکەیان لەناوەڕاست و خوارووی عێراق هاوردووەو لەجێگەو رێگەی ئەوانیان نیشتەجێ کردوون. واتە ئێستاش دوای نەمانی ئەو جۆرە سیاسەتانە، کۆچی پێچەوانە دەستی پێکردووە، کە مافێکی رەوای خەڵکە دەرکراوەکەیە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، جا ئەو خەڵکانە هەر نەتەوەو ئایین و مەزهەبێک بن. لە لایەکی دیکەوە هەموو لایەک لەعێراق لەسەر قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کۆکن و لەماددەکانی ئەو قانوونەش (ماددەی 58 ) بەروونی ئاماژە بەچارەسەرکردنی بارودۆخی شێواێندراوی کەرکووک دراوە. بۆیە سەرۆک بارزانی هەر لەسەر بنەمای بەڵگە مێژووییەکان و بەندو ماددەکانی قانوونی ئیدارەی دەوڵەت گفتوگۆکانی لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا کردووە، کە دوا بەدوای کۆبوونەوە رەسمییەکانی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا، دیپلۆماتکارێکی تورکی گوتی: (بۆچوونەکانی بارزانی لەسەر ئەو مەسەلانەی گفتوگۆمان کردن زۆر ئیجابی بوون). کەواتە؛ ئەو گومان و دڕدۆنگییەی هەبوو بەحیکمەت و واقیعبینی سەرۆک بارزانی نەماو رەوینەوە، چونکە کورد کاتێک دەڵێ کەرکووک دڵی کوردستانە، بەڵگەی لەبەردەستدا هەیەو لەپێناو سەلماندنی ئەو راستییەش قوربانی بە یەکێک لەشۆڕشە هەرە گەورەکانی داوە. بۆیە وەک محەمەد عەلی بیراندی نووسەر نووسیویەتی کوردو تورک پێویستیان بەیەکدی هەیە و، پێویستە لەپێناو ژیانێکی ئاسوودە لەناوخۆو دۆستایەتی باش لەدەرەوە لەسەر بنەمای راستییە مێژوویی و جوگرافییەکان هەر دوولا مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو عێراقەی کورد دەیەوێت بەشێک بێت تیایدا مافی هەموو لایەک زامن دەکات و رووبەرێکی ئابووری زۆر چاکیش دەبێ بۆ وڵاتانی دراوسێ، چونکە ئاوەدانکردنەوەی عێراق زۆری دەوێت و خێری بۆ رەوشی ناوخۆی هەمووان دەبێت و کەش و هەوای ئێستاش وا دەخوازێ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەردەوام بێت.

# چارەسەرکردنی دۆزی کورد پێویستی بە گرێدانی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی هەیە

**ئەو بابەتەی بەردەستت بە پێنووسی د. عەدنان جەواد ئەلتوعمە نووسراوە و کۆمەڵێک پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە هەر پێنج دەوڵەتەکەی کورد و خاکی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە لە خۆ دەگرێ. ئێمەش لەبەر هەستی قۆناغەکە بە چاکمان زانی بەمەبەستی گفتوگۆ کردن ئامادەی بکەین و بڵاوی بکەینەوە.**

**ئا/ سەباح مەلا**

لە سەرانسەری جیهان گەل و نەتەوەکان لە پێناو ئازادی، سەربەخۆیی و مافە مرۆییەکان تێدەکۆشن تا راستەوخۆ لە بڕیاری چارەنووسی سیاسی دوارۆژی وڵاتەکانیان بەشداربن.

لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەلی کورد بە چوارەم نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێ، کە ژمارەیان دەگاتە 40-50 ملیۆن بەسەر پێنج وڵات بەشکراون، ئەوەجگە لە پەنابەرو ئاوارەکانی ئەورووپاو دەوڵەتانی جیهان.

لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی گەلی کوردیان بەسەر دابەشکراوە، لە سادەترین مافە مرۆییەکانیان بێبەشن لەگەڵ بەشداربوون و نوێنەرایەتی کردنیان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بە واتایەکی دیکە لە مافی قەوارەیەکی سەربەخۆ وەک باقی نەتەوەکانی دیکە بێبەشن، سەرەڕای بەڵێننامەو رێککەوتنەکانی پێشوو دەربارەی ئەو مافەی نەتەوەی کورد.

گەلی کورد وەک گەلانی ناوچەکە خودان مێژووییەکی گەش و کوولتورێکی باڵای هەونەرو ئەدەب و مەعریفەن.

کورد لە ئەنجامی پراکتیزەکردنی سیاسەتە شۆڤینی و رەگەزپەرستەکانی رژێمی کۆنەپەرست و دیکتاتۆری ناوچەکە بە هەزاران قوربانیان داوە و چەندین جار ورووبەڕووی شالاوی سڕینەوەو دەرکردن هاتوون، نموونەی ئەو شالاوانەش قەسابخانەکەی هەڵەبجە بە گازی کیمیاوی، کە پتر لە (5) هەزار هاووڵاتی لە منداڵ و ئافرەت و پیر بوونە قوربانی، هەروەها شالاوە بەدناوەکانی ئەنفال کە قوربانییەکانی زێتر لە182 هەزار کەس دەبوو.

پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری 1991 و دوای کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کورد وێژدانی جیهان جولایەوە، ئیدی ئەوەبوو بڕیاری 688 دەرچوو، کە بە هۆیەوە هێڵی پانی 36 بە نەوای ئارام دانرا.

سەرکردایەتی سیاسی کورد توانای خۆیان بۆ خۆبەڕێوەبردن و پاراستنی گەلی کورد سەلماند تا 2003/4/9 کە رژێمی دیکتاتۆری سەدام رووخا.

پاش پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکمڕانی کاتی عێراق، برایانی کورد (ئەندامانی ئەنجوومەن) رۆڵێکی مەزنیان گێڕا، هەروەها لە حکومەتی کاتی عێراق (حکومەتی فیدراڵی عێراق)، دیسان لە داخۆیانی سەرکردەکانی کورد زۆر بەروونی ئەوە دەخوێنینەوە، کە ئەوان ناخوازن لە عێراق جودا ببنەوە.

**هەڵوێستی مەرجەعیەتی شیعە**

شیعە و کورد بران و هەردووکیان قوربانی کردەوەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ بوون، گۆڕە بە کۆمەڵەکان شایەدحاڵن، مافی خۆمانە خەون بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی فیدراڵی و فرەحزبی ببین، رێز لە هەموو نەتەوەو تایفەو حزبە سیاسییەکان بگرێ، بەشێوەیەک جیاوازی لە نێوان عەرەب، کورد، تورکمان، کلدوئاشوور، سابئی و ئیزیدی و ئەرمەنی نەبێت، هەروەها مافی برایانی کوردە خەون بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ببینن، چونکە ئەوان گەلێکی دێرینن و ماف و ئەرکیان هەیە.

**سەرەتای بیرۆکەکە**

بیرۆکەی گرێدانی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارسەرکردنی دۆزی کورد چەندین ساڵە لە هزرم دەخولێتەوە، بەڵام پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆر و عەلی کیمیاوی و رژێمە دیکتاتۆرەکەی، کاتی ئەوە هاتووە ئەو کۆنگرەیە ببەسترێ.

ئێستا لە بەرژەوەندی برایانی کورد نییە لەو دەوڵەتانە جودابنەوە کە بەسەریان دابەشکراون، بەڵام دەکرێ دۆزی کورد بە رێگەچارەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ لەسەر ئەو بنەمایانەی خوارەوە.

1- گرێدانی کۆنگریەکی نێو دەوڵەتی، کە ئەندامانی دەوڵەتە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەندامانی چین، ژاپۆن، راوێژکاری ئەڵمانیا و سەرۆکانی عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران و روسیا تییێدا ئامادەبن.

2- ئەو کۆنگرەیە لەلایەن کوفی ئەنان سکرتێری گشتی UN سەرپەرشتی بکرێت.

3- وەفدی باڵای کورد بەشدار بێت.

4- لە پێنج وڵاتە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش داوا بکرێ لە هەریەکێک لەو وڵاتانە سەربەخۆیی تەواو بە کورد ببەخشن لەناوچەکانیان کە پێیان دەگوترێ هەرێمی کوردستان هەروەها لەسەر ئەو دەوڵەتانە پێویستە وەزیری کوردیان لە حکومەتەکانیاندا هەبێ بۆ ئەوەی پێکەوە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەشداری بکەن.

5- دیاریکردنی بوودجەیەک لەلایەن حکومەتەکان بۆ هەرێمەکانی کوردستان

6- دامەزراندنی سوپاو پۆلیسی کورد لە ناوچەکانیان.

7- لە هەر هەرێمێک حکومەتی کوردستان هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکان.

8- لە کۆبوونەوەکەدا ئاسایش و پاراستنی کورد جێگیربکرێ، واتە نابێ حکومەتەکانی ناوەند دژی هەرێمی کوردستان شەڕبکەن، وەک ئەوەی رژێمی گۆڕبەگۆڕی دژ بە کورد دەیکرد.

9- دروست کردن و دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی، کشتوکاڵی و ئاواکاری لە هەموو ناوچەکە، لەگەڵ دابەشکردنی سوود و ئیرادەکانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندا.

10- لەو کۆبونەوەیەدا دەبێ تەواوی پرسەکانی پەیوەست بەمافەکانی گەلی کورد وەک فێر کردن وپرۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی و زانکۆکان قسەیان لە بارەوە بکرێ. لە کۆتاییدا ئومێد دەکەین ئەو پێشنیارانە مایەی رەزامەندی هەموو لایەک بن و برایانی کورد سەروەری و سەربەخۆی خۆیان بە ئاشتیانە بۆ بێتەدی.